## دڵنیا ئەبوبەکر:

# هیوادارم کچان زیاتر بێنە نێو بواری وەرزش بەتایبەتی جۆدۆ

دیمانە: ریبین رەمزی

یاریی جۆدۆ لە جیهان بایەخێکی زۆری پێدەدەرێ و زیاتر بە یارییەکی پیاوانە ناســراوە، چونکە پێویســتی بە هێزێکی زۆر هەیە، هەروەها پێویســتی بە کاردانەوەی خێرا هەیە، بەڵام لە جیهانی ئێســتادا ئەم یارییە بۆ ئافرەتان گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرێ و وڵاتانی جیهان بەمەبەستی بە دەستهێنانی ملوانکە لە ئۆڵۆمپیاد بایەخ بەم یارییە دەدەن، لەسەر ئاستی کوردستانیشدا ئەم یارییە گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدەدرا، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی بەرچاوی ئافرەت بوونە یاریزانی جۆدۆ و چەندین یانە تیپی جۆدۆی کچانی هەیە، هەروەها زۆربەی هەرە زۆری یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق کوردن ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەســتکەوتێکی باشــە، چونکە لە ماوەیەکی کورتدا توانرا بناغەی ئەم یارییە لە کوردســتان دابندرێت، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە چەند پرســیارێك ئاراســتەی یاریزانی ئافرەتانی هەولێر دڵنیا ئەبو بەکر بکەین.



***دڵنیا ئەبو بەکر کێیە؟**

-دڵنیـــا ئەبو بەکر یاریزانـــی یانەی ئافرەتانی هەولێرە لە یاریی جۆدۆ و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤.

*** هۆکاری دەستنیشانکردنی یاریی جۆدۆ بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی راســـتی بێت مامۆستا رازاو لە قوتابخانە گرنگیی بەم یارییە دەدا ئێمـــەش ئارەزووی یارییەکەمان کرد، بۆیە بڕیارم دا ببمە یاریزانی جۆدۆ و دەتوانم بڵێم رۆژ لە دوای رۆژ ئاستی پێش دەکەوێت.

***بەشداریت لە چەند پاڵەوانێتیدا کردووە؟**

- لەسەر ئاستی کوردستان دوو پاڵەوانێتی ئەنجام دراوە و لە هەردوو پاڵەوانێتی پلەی یەکەمم بە دەستهێنا و لەسەر ئاستی عێراق یەك پاڵەوانێتی ئەنجام درا و پلەی دووەمم بە دەستهێنا.

*** چۆن دەڕوانییە یاریی جۆدۆ لە کوردستان؟**

- ئەم یارییە تام و چێژێکی تایبەتی هەیە تا ئێســـتا لە کوردســـتان بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت، بەڵام پێویســـتی بە بایەخدان هەیە بۆ ئەوەی ئاستەکە زیاتر پێش بکەوێت و بتوانین رکابەریی یاریزانانی دراوسێ و وڵاتانی تر بکەین.

*** تا چەند یانەکان بایەخ بەم یارییە دەدەن؟**

- هەندێـــك یانـــە بایەخێکی زۆری پێدەدەن بۆ نموونە یانەی ئافرەتانی هەولێر، کە گرنگییەکی زۆر بەم یارییە دەدات و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین دەکات، بەڵام هەندێك یانەش هەن تا ئێستا رێگەی نەداوە چ یاریزانی کوڕ یاخود کچ ئەم یارییە لە یانەکە ئەنجام بدەن و هیوادارام ژمارەی یانەکان روو لە زیادبوون بکات بە تایبەتی یاریزانی کچ بۆ ئەوەی رکابەری لە نێوان یاریزانەکان درووست بێت.

***چ بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یارییەکە پێش بکەوێت؟**

- پێویستە هۆڵێکی گونجاو بۆ مەشق کردن و ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکان درووست بکرێت،هەروەها پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە بە تایبەتی لەســـەر ئاستی کچان و بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی کوردستان بکەین و یانەکان دەبێت زیاتر بایەخ بەم یارییە بدەن.

*** تا چەند کۆمەڵگا ڕێخۆشکەرە بۆ هاتنی کچان بۆ نێو بواری وەرزش؟**

- لەراســـتیدا کۆمەڵگا رێگرە لەبەردەم هاتنی کچ بـــۆ نێو بواری وەرزش، بۆ نموونە کچە یاریزانی زۆر هەیە ئارەزووی هاتنی بۆ نێو یاریی جۆدۆ دەکات، بـــەڵام دایك و باوك و بـــرا رێگرن لەبەردەم هاتنیـــان، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ژمارەی یاریزانەکان کەم بێت و هیوادارم لە داهاتوودا ئـــەم بیرۆکەیە بگۆڕدرێت و رێگا خۆش بکرێت بۆ هاتنی کچە یاریزان بۆ نێو بواری وەرزش بە تایبەتی یاریی جۆدۆ.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر سوپاسی دایك و باوکم دەکەم، کە یارمەتیان دام بۆ ئەوەی بێمە نێو یاریی جـــۆدۆ و داواکارم پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە، هەروەها ئۆردوگای مەشـــق بۆ کچـــە یاریزانەکان بکرێتەوە تاوەکـــو بتوانن ئاســـتی خۆیان پێش بخەن، زۆر سوپاســـی راهێنەرەکەم و مامۆستا رازاو دەکەم، کە هەردەم پاڵپشت و هاوکاری ئێمەن.



## خولی یانە پاڵەوانەکانی

# ئەرسنال و بایرەن میونیخ ...مانچستەر سیتی و

دوای ئەوەی یارییەکانی قۆناغی گروپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (چامپیۆنز لیگ) بۆ وەرزی ٢٠١٣-٢٠١٤ کۆتایی هات و ١٦ یانە گەیشتنیان بۆ یارییەکانی قۆناغی شازدە مسۆگەر کرد، یانە سەرکەوتووەکان بۆ دوو ئاست پۆلێن کران :

**ئاستی یەکەم :**

مانچستەر یونایتد (ئینگلتەرا) — ریال مەدرید (ئیسپانیا) — پاریس سان جێرمان (فەرەنسا) — بایرەن میونیخ (ئەڵمانیا) — چێلسی (ئینگلتەرا) — بروسیا دۆرتمۆند (ئەڵمانیا) — ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) — بەرشلۆنە (ئیسپانیا)

**ئاستی دووەم :**

بایەرلیڤەرکوزن (ئەڵمانیا) — گەلاتەسەرای (تورکیا) — ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) — مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا) — شالکە (ئەڵمانیا) — ئەرسنال (ئینگلتەرا) — زینیت (روسیا) — ئەی سی میلان (ئیتالیا)

لەشاری نیۆنی سویسری و لەبارەگای یەکێتیی تۆپی پێی ئەوروپا و بە ئامادەبوونی میشیل پلاتینی سەرۆکی یوێفا و نوێنەرانی هەر ١٦ یانە تیروپشکی قۆناغی شازدەی چامپیۆنزلیگ راکێشرا و هەروەك پێشبینی دەکرا چەند یارییەکی بەهێز لەم قۆناغە ئەنجام دەدرێت کەبەهێزترین دوو یاری لە نێوان بایرەن میونیخی ئەڵمانی و ئەرسنالی ئینگلیزی لەلایەك بەرشلۆنەی ئیسپانی و مانچستەر سیتی ئینگلیزی لەلایەکی دیکەوە، ئەمەش ئەنجامی تیروپشکەکەیە :

بایرەن میونیخ (ئەڵمانیا) * ئەرسنال (ئینگلتەرا)
ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) * ئەی سی میلان (ئیتالیا)
مانچستەر یونایتد (ئینگلتەرا) * ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان)
ریال مەدرید (ئیسپانیا) * شالکە (ئەڵمانیا)
چێلسی (ئینگلتەرا) * گەلاتەسەرای (تورکیا)
بەرشلۆنە (ئیسپانیا) * مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا)
بروسیا دۆرتمۆند (ئەڵمانیا) * زینیت (روسیا)
پاریس سان جێرمان (فەرەنسا) * بایەرلیڤەرکوزن (ئەڵمانیا)

لەدوای تەواوبوونی رێورەسمی تیروپشکەکە، یەکێتیی تۆپی پێی ئەوروپا خشتەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای ئاشکراکرد، خشتەی یارییەکانی چوون بەم شێوەیە دەبێت :

* رۆژی سێشەممە ٢٠١٤/٢/١٨ :

مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا) * بەرشلۆنە (ئیسپانیا)
بایەرلیڤەرکوزن (ئەڵمانیا) * پاریس سان جێرمان (فەرەنسا)



## ئەوروپا ... قۆناغی ١٦

# بەرشلۆنە بەهێزترین یارییەکانی ئەم قۆناغەن

* چوارشەممە ٢٠١٤/٢/١٩ :
ئەرسنال (ئینگلتەرا) * بایرن میونیخ (ئەڵمانیا)
ئەی سی میلان (ئیتاڵیا) * ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا)
* سێشەممە ٢٠١٤/٢/٢٥ :
زینیت (روسیا) * بروسیا دۆرتمۆند (ئەڵمانیا)
ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) * مانچستەر یونایتد (ئینگلتەرا)
* چوارشەممە ٢٠١٤/٢/٢٦ :
گەلاتەسەرای (تورکیا) * چێلسی (ئینگلتەرا)
شالکە (ئەڵمانیا) * ریال مەدرید (ئیسپانیا)
خشتەی یارییەکانی گەڕانەوەی قۆناغی ١٦ بەم شێوەیە دەبێت :
* سێشەممە ٢٠١٤/٣/١١ :
بایرن میونیخ (ئەڵمانیا) * ئەرسنال (ئینگلتەرا)
ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) * ئەی سی میلان (ئیتاڵیا)
* چوارشەممە ٢٠١٤/٣/١٢ :
بەرشلۆنە (ئیسپانیا) * مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا)
پاریس سان جێرمان (فەرەنسا) * بایەرلیڤەرکوزن (ئەڵمانیا)
* سێشەممە ٢٠١٤/٣/١٨
ریال مەدرید (ئیسپانیا) * شالکە (ئەڵمانیا)
چێلسی (ئینگلتەرا) * گەلاتەسەرای (تورکیا)
* چوارشەممە ٢٠١٤/٣/١٩ :
بروسیا دۆرتمۆند (ئەڵمانیا) * زینیت (روسیا)
مانچستەر یونایتد (ئینگلتەرا) * ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان)

جێگای ئاماژە پێکردنە کاتی ئەنجامدانی یارییەکان بەکاتی هەولێری پایتەختی کوردستان ١٠,٤٥ی شەوە ئەگەر کاتی ئەوروپا زستانە بێت و ٩,٤٥ی شەو ئەگەر کاتی ئەوروپا هاوینە بێت و یارییەکانی وڵاتی روسیا دوو کاتژمێر و نیو پێش ئەم کاتە ئەنجام دەدرێت .

لەلایەکی دیکەوە تیروپشکی یارییەکانی قۆناغی ٣٢ ی خولی ئەوروپا (یۆرۆپا لیگ) راکێشرا کە تیایدا ٢٤ یانە لە قۆناغی گروپەکان سەرکەوتن لەگەڵ ٨ یانە کە خاوەن پلەی سێیەمی گروپەکانی چامپیۆنزلیگن بەشداری لەم قۆناغە دەکەن، ئەمەش خشتەی یارییەکانە :
ئانژی (روسیا) * خینك (بەلژیکا)
دینامۆ کییف (ئۆکرانیا) * ڤالانسیا (ئیسپانیا)
پاوك سالۆنیکا (یۆنان) * بەنفیکا (پورتوگال)
سلۆڤان لیبیریچ (چیك) * ئەلکمار (هۆلەندا)
دینیبرۆ (ئۆکرانیا) * تۆتنهام (ئینگلتەرا)
ماریبۆر (سلۆڤینیا) * سیڤیلیا (ئیسپانیا)
ریال بێتس (ئیسپانیا) * رۆبن کازان (روسیا)
سوانزی سیتی (ئینگلتەرا) * ناپۆلی (ئیتاڵیا)
یۆڤانتس (ئیتاڵیا) * ترابزۆن سپۆر (تورکیا)
ئەیاکس ئەمستردام (هۆڵەندا) * رێد بۆل سالزبۆرگ (ئەمسا)
ئۆدیسا (ئۆکرانیا) * لیۆن (فەرەنسا)
ماکابی (ئیسرائیل) * بازل (سویسرا)
ئیسبیی (دانیمارك) * ڤیۆرەنتینا (ئیتاڵیا)
ڤکتۆریا بلژن (چیك) * شاختار دۆنتسك (ئۆکرانیا)
لازیۆ (ئیتاڵیا) * رازگراد (بولگاریا)
پۆرتۆ (پورتوگال) * ئینتراخت فرانکفۆرت (ئەڵمانیا)

شایانی باسە یارییەکانی چوون رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٤/٢/٢٠ ئەنجام دەدرێت و یارییەکانی گەڕانەوە رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٤/٢/٢٧ ئەنجام دەدرێت .



# کوڕانی هەولێر و کچانی سلێمانی نازناوی پاڵەوانێتیی پەروەردە گشتییەکانیان بەرز کردەوە

لە شـــاری ســـلێمانی بۆماوەی چـــوار رۆژ کێبڕکێیەکانی تیپی هەریەك لـــە هەڵبژاردەی باڵەی پەروەردە گشـــتییەکانی هەولێرو دهۆك و ســـلێمانی و کەرکوك و گەرمیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، پاڵەوانێتیی باڵەی هەڵبژاردەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە نێوان تیپە بەشـــداربووەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردەی کوڕانی هەولێر توانیان بە ئاست و ئەنجام بە لێهاتوویی راهێنەری بەتوانای شـــاری هەولێر کاکە جوان لە هەر چوار یاری لە بەرامبەر هەریەك لە تیپەکانی دهۆك و ســـلێمانی و گەرمیـــان و کەرکوك بباتەوە، لە دوایین یاریـــی خولەکەش لەبەرامبەر هەڵبژاردەی دهۆك توانی ئاستێکی بەرز پێشـــکەش بکەن و بە ئەنجامی (٣-٠)گێم یارییەکەی بردەوە و نازناوی خولەکەی بەرز کردەوە، لە ئاستی کچانیش هەڵبژاردەی سلێمانی دوای سەرکەوتنی بەسەر تەواوی هەڵبژاردە بەشداربووەکان نازناوەکەی لە شارە حەیاتەکە هێشتەوە و هەڵبژاردەی کچانی هەولێریش توانی پلەی دووەمی پاڵەوانێتییەکە بهێڵێتەوە، جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم پاڵەوانێتییە بەرێوەبەرایەتیی گشـــتی چالاکـــی و دیدەوانی وەرزش و هونەر لە وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشـــتیی دەکرد، پاڵەوانێتییەکەش بەرنامەدارێژراوێکی باشی بۆ کرابوو، لە بارەی بەدەستهێنانی نازناوەکەش حەکیم کانەبی سەرۆکی شـــاندی هەڵبژاردەی هەولێر بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: پاڵەوانێتییەکە ئاســـتێکی باشـــی هەبوو، یاریزانانی ئێمەش وەکو هەڵبژاردەی هەولێر ئامادەکارییەکی باشـــمان کردبوو بۆ نازناوەکە هاتبووین و توانیمان نازناوەکە ببەینەوە هەولێری پایتەخت سوپاســـی شـــاند و کارگێڕانی تەواوی ســـتافی هەڵبژاردەی هەولێر دەکەم کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیاندا لەگەڵ ئێمە هەموو کات لە خەمی تیپەکەدا بوونە، بەهیوای ئەوەشم ساڵ بەساڵ ئاستی پاڵەوانێتییەکە بەرزتربێت.





## بۆ زیاتر زاڵ بوون بەسەر کێشەکان زێرەڤانی چوار یاریزانی دوورخستەوە


دوای ئەوەی یانەی وەرزشـــیی زێرەڤانـــی پاڵەوانی وەرزی رابردووی هەردوو جامی کوردستان و خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان ئەم وەرزە گرێبەســـتی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا مۆرکرد بۆئەوەی بتوانێ ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی ئەمســـاڵی خولەکە بەدەســـت بهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەرزە تاکو ئێســـتا یانەی زێرەڤانی نەیتوانیوە پێشەنگی یانەکان وەربگرێت، هەر بۆیەش بە هۆی کێشەکانی نێو خۆی یانەکە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی زێرەڤانی بڕیاری دوورخســـتنەوەی هەریەك لە یاریزانان(جاسم محەمەدسلێمان، زێرەڤان محەمەد، فەرهادســـدیق، هەرژین خەسرۆ ) لە ریزی یانەکە، لەبارەی دوورخستنەوەی ئەم یاریزانانەش عەبدولخالق حەسەن سەرۆکی یانەی وەرزشی زێرەڤانی بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە کاتی خۆی کە گرێبەســـتمان لەگەڵ یاریزانان مۆرکردووە کۆمەڵێك بڕگە و بابەت هەبووە لە کاتی رێکەوتنی هەردوولامان بەڵام دوورخســـتنەوەی ئەم یاریزانانە هەر یەکەو بە هۆکارێك بووە هەندێکیان کێشەیان لەگەڵ راهێنەر هەبووە هەندێکیان کێشەیان لەگەڵ دەستەی کارگێڕی هەبووە هیچ یەکێك لەم یاریزانانە بەبێ هۆکار دوورنەخراونەتەوە لە یانەکە، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەوانیش ئێمە یاریزانی بەتوانا دەهێنین بۆئەوەی سوودیان لێ وەربگرێن.

## سەرۆكی حكومەت یانەی كەركوك لە قەیرانی دارایی رزگار دەكات

دوای ئەوەی یانەی وەرزشـــی كەركوك بـــە هۆی قەیرانە داراییەكانـــی بڕیـــاری ڕاگرتنـــی ســـەرجەم چالاكییە وەرزشـــییەكانی یانەكەیاندا بۆئەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە هانایانەوە بچن، لەگەڵ ئەوەشـــدا یانەی كەركوك بەردەوام داوای هاوكاری لە لایەنە پەیوەندیدارەكانی شاری كەركوكی كردبوو لە پارێزگارو چەندین شـــوێنی تر بەڵام هیچ لایەك بـــەدەم داواكارییەكانی یانەكە نەچـــوون، بەڵام لە دواجاردا نوسینگەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیاری دابین كردنی بڕە پارەیەكی بۆیانەكەدا بۆ چارەســـەر كردنی گرفتە داراییەكانی یانەكە، لەم بارەشـــەوە ڕێبوار تۆفیق ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یانـــەی كەركـــوك بە بۆگۆڤـــاری گوڵان گوتـــی: دوای ئەوەی تووشـــی قەیرانێكی دارایی سەخت بووین لە یانەكەمان، بڕیاری ڕاگرتنی سەرجەم چالاكییەكانی یانەكەمان دا هەرچەندە لە چەندین دەرگاماندا بۆ ئەوەی هاوكاریمان بكەن، بەڵام هیچ كەسێك و بەرپرسێك لە شاری كەركوك هاوكاری ئێمەیان نەكرد، بەخۆشحاڵییەوە نوسینگەی ســـەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیاری چارەسەر كردنی قەیرانە داراییەكەی ئێمەیان دا بدەن، ئێمەش هەموو دەرخســـتەكانمان تەواو كردووە و ناردوومانە بۆ نوسینگەی سەرۆكی حكومەت داوای ٥٠٠ملیۆن دینارمان كردووە بۆ ئەوەی ئەم بڕە پارەیە كێشە داراییەكانمان چارەسەر بكرێت، لەم بڕوایەین لە ڕۆژانی داهاتوو تەواوی ئەو پارەیەمان پێ بگات كە داوامان كردبوو بۆئەوەی سەرجەم چالاكییەكانمان بە شێوەیەكی باشتر لە جاران دەست پێبكەینەوە.

## یانەی زاخۆ پێنج یاریزانی سوپەر دەهێنێت

هەر چەندە یانەی زاخۆ ئەم وەرزە ئاســـت و ئەنجامی یاریی كردنی وەكو پێویســـت نییە لە یارییەكانـــی وەرزی نوێی خولی بژاردەی عێراقی بەبەراورد لەگەڵ خولی كوردستان كە ئاســـتی یانەكە ڕۆژ بەرۆژ بـــەرەو پێش دەچێت، یانەی زاخۆ لە خولی بـــژاردەی عێراقی بەتەنیـــا كۆكردنەوەی حەفت خاڵ لە ریزبەندنەكانی خوارەوە دێت، بـــەم ئەنجامەش هاندەرانی یانەكە دڵخۆش نین كـــە ئەنجامی یانەكەیان لـــەم وەرزە خراپـــە، لەم بارەشـــەوە بۆگۆڤاری گوڵان خەلیل ئەحمەد ســـكرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ گوتی: لە ئێستادا ئێمە نیەتمان نییە هیچ گۆڕانكارییەك لە ریزی دەســـتەی ڕاهێنەرانـــی یانەكەمـــان بكەین، چونكە محەمەد قەویـــز ڕاهێنەرێكـــی بەتوانایە مرۆڤێكـــی زۆر زیرەكە لـــە بەڕێوەبردنی كارەكانـــی خۆی بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئێمە ئەنجاممان وەكو پێویست نییە ئەگەر سەیری ئاستی ئێمەش بكەی ئاستمان باشە لە یارییەكان، بەڵام بەخت یاوەرمان نەبووە یاریزانەكانیشمان زۆر ئاسوودەن لەگەڵ ئەم ڕاهێنەرە بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بەســـەر كەم و كووڕییەكانی تیپەكەمان زاڵ بین و ئاستی خۆمان بەرەو پێش ببەین، لە كاتی گواســـتنەوەی زستانەش نیازی هێنانی ٤ تـــا ٥ یاریزانی ســـوپەری عێراقمان هەیە كە هەموویان ئاســـتی یاری كردنیان بەرز بێت دەستنیشـــان كراون تەنیـــا ئەوە ماوە پەلكێشیان بكەین بۆ یانەكە، هیچ كێشەو گرفتێكمان نییە لە ریزی یانەكەمان تەنیا ئەوەیە كە ئەنجامەكانمان خراپە و هەوڵیش دەدەین بە زووترین كات بەسەر كێشەكانمان زاڵ بیـــن لە نێو یاریـــگا هەموو بەیەكەوە هەوڵی باشتر بوونی ئەنجامەكانمان داوە لە خولی بژاردەی عێراقی.



## پاڵەوانێتیی زۆرانبازیی یانەكانی هەولێر بەڕێوەچوو

وەكو بەرنامەی ســـاڵانەی خۆیان و بەمەبەســـتی زیاتر گرنگی دان بە یارییەكانی زۆرانبازی لەســـەر ئاستی شاری هەولێری پایتەختی كوردســـتان، لقی هەولێری یەكێتیی زۆرانبازیی شارەكە لەهۆڵی بنكەی وەرزش و لاوانی هەولێر بەبەشـــداری پێنج یانەی شاری هەولێرو دەوروبەری لە هەردوو ئاستی تازە پێگەیشتوان و بەچكە شـــێران، بۆ ماوەی یـــەك ڕۆژ پاڵەوانێتیی زۆرانبازیی یانەكانی شـــارەكە بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەكەشـــدا یاریزانانی بەشـــداربووی یانەكە لە هەردوو ئاســـتەكە كێبڕكێـــی بەهێزیان دەكرد بۆ بەدەســـتهێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەكە، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش ئامادەكردنی تیپەكانی شاری هەولێرە بۆ پاڵەوانێتییەكانی كوردستان و عێراق، ئەنجامی كۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

ئاستی تازە پێگەیشتوان

١-پێشكەوتن
٢-قەڵا
٣-هەولێر

ئاستی بەچكە شێران

١-هەولێر
٢-ناوەندی بنكـــەی وەرزش و لاوانی هەولێر
٣-جیهان